# شەقڵاوە جگە لە جوانیەکەی.. شاری بەیەکەوە هەڵکردنە

**گرنگ نیە سەر بەچ ئاینێکم ئەوەندەم لەلا گرنگە کە خەڵکی شەقڵاوەم**

**ریپۆرتاژی: دڵشاد کاوانی**

شەقڵاوە بەدیویێك شارێکی گەشتووگوزاریە، بەڵام بەدیوەکەی تر شاری بەیەکەوە هەڵکردنی ئاینەکانە، لە کوردستان دوو شوێن لەرووی کۆمەڵایەتیەوە موسڵمانو کریستانییەکانی زۆر تێکەڵی یەکترن، ئەمانیش کریستانەکانی شەقڵاوەو هەرمۆتەی کۆیەن، ئەمانە نەك لە هەڵسوکەوتو یەکتر قەبوڵکردن جیاوازیان نیە، بەڵکو لە لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردیش لەگەڵ خەڵکی کورد جیاوازیان نیە، هەتا لەجێبەجێ کردنی ئەرکە ئاینەکانیشیاندا رەنگی داوەتەوە ئەو تێکەڵیە کۆمەڵایەتیە، لەهەمانکاتدا وایکردووە گەنجەکانیان زۆر بە ئاسایی دەزانن کە هاورێیەتی گەنجە موسڵمانەکان بکەن، بیرەچاوکردنی ئاین، ئەمەش ئەوەدەگەیەنێت کە تێگەیشتن لەئاینی یەکتری لەنێو تاکەکانی شەقڵاوە بەسروشتی چۆتە پێشەوەو لەو رێپۆرتاژەدا هەردوو پەیرەوانی ئاینەکە بێ ئەوەی باس لە شوێنە گەشتووگوزاریەکانیان بکەن، باس لە ژیانی رۆژانەی خۆیان دەکەن، بۆیە گۆڤاری کوێستان وێستگەکانی ئەو ژیانە کۆمەڵایەتیەی هەردوولا دەخاتەروو بەچەندین وەڵامو سەرنجو پێشنیاز.

"مەسیح حەبیب هوما" تەمەن ٥١ ساڵ، یەکێکە لەپەیرەوانی ئاینی مەسیحی سەبارەت بەژیانو گوزەران وەك مەسیحیەکی شەقڵاوە، پێی وابوو هیچ جیاکارییەك بەدی ناکاتو شان بەشانی موسڵمانەکان هەموو قۆناغە ناخۆشەکانی ژیانیان لەو شارەدا بریوەو ئەو دەڵێت"گرنگ نیە سەر بەچ ئاینێکم ئەوەندەم لەلا گرنگە کە خەڵکی شەقڵاوەم" هەروەها باسی لە ئەركو مافەکانی کرد، کە خۆیان بە بەشێك لەم شارە ئەزانن گوتی"ئێمە لەم شارەدا کەمە نەتەوەنینو بەڵکو هاوبەشی ژیانی یەکترین"بۆ رێزگرتن لەیەکتری دەڵێ:" ئێمە هیچ جیاوازییێکمان نیە لەگەڵ برا موسڵمانەکان و هەر لەکۆنەوە رێز لە ئاینی یەکتر ئەگرین"

مام حەسەن کە ریش سپیەکی ناوچەکەیە، مەسیحیەکانی شارەکەی بە دەست پاك لەقەڵەمدانو هیچ جیاوازییێك لەنێوان ئەو دوو ئاینە نابینێت، لەرووی نەتەوەوە، گوتی:" مەسیحیەکان لە چینو توێژە رەسەنەکانی ئەم شارەن، باوكو باپیرەکانیان خۆیان بەکورد دەزانی" تەنانەت باسی لەدیمەنێکی زۆر جوان دەکرد، کە پیرەکانی ئاینی مەسیحیی پەیرەوی دەکەن، بۆیە وتی:"مەسیحیەکان لەکۆنەوە جۆرەها پیشەیان زانیوەو خزمەتی شەقڵاوەیان پێکردووە، ئەوەی زۆر سەرنجم رادەکێشێت پیرەکانی مەسیحی ئێستایشی لەگەڵ دابێت بەجلو بەرگی کوردین کەچی ئێمە زۆربەمان ئەم پۆشاکە کوردیانەمان فرێداوە"

"یوسف پەترۆز" گەنجێکی مەسیحیە زیاتر هاورێیەتی گەنجە موسڵمانەکان دەکات، لەوەی کە لەگەڵ گەنجە هاودینەکانی بێت، بەڵام ئەمەشی بە شتێکی زۆر ئاسایی زانی کەچی پێی وابوو ئەگەر هاتوو گفتوگۆ بێتە سەر ئاین ئەوکات هاورێیەکانی جیاواز سەیری ئەکەن لەوەی کە وەك خۆیان سەیری بکەن، بۆ چۆنیەتی ژیانی رۆژانەی وەکو گەنجێکی مەسیحی لەشەقڵاوەدا گوتی:"ئێمە کێشەی ئاینیمان نیە تەنانەت ئەوەنەبێت کە حکومەت گرنگی زیاترمان پێبدات" ئەو دەڵێت:"رۆژانە شوێنێکمان نیە کاتی تێیدا بەسەر بەرین." داواکار بوو ئەگەر وەزارەتی رۆشنبیری سەنتەرێکی رۆشنبیری بکاتەوەو گەنجە موسڵمانو مەسیحیەکان بێ جیاوازی بگرێتەخۆ، لەدرێژەی قسەکانیدا وتی:"هەرچەندە ژمارەییێك سەنتەرو کۆمەڵەی رۆشنبیری هەیە لەشەقڵاوە، بەڵام نوێنەرایەتی هەموان ناکەنو نەبۆتە شوێنو ماڵی هەموومان"

فازیل حسێن فەرمانبەر ئەو وای بۆ دەچێت، کە لەو شارەدا بەیەکەوە ژیانی برایەتی ناسنامەو نیشانەیەکە لەباوكو باپیرانیانەوە بۆیان بەجێماوەو وتی:"ئەگەر چاوێك بەمێژووی ئەم شارەدا بخشێنینەوە دەبینین برا مەسیحیەکانمان وەك ئێمە مانان خزمەتی ئەو شارەیان کردووە، لەهەموو بۆنە خۆشو ناخۆشەکانی یەکتریدا بەشدارین، جگە لەوەی پەیوەندیمان لەبواری کۆمەڵایەتیو سیاسیو ئیداریدا هەبووە، لەکاروباری رۆژانەماندا، لەکرینو فرۆشتن هاوکاری یەکتریمان کردووە" هەروەها فازیل وتی:"زۆرجار وا رێککەوتووە دوکانی موسڵمانو مەسیحیێك لەتەنیشت یەکبووە من

لەمەسیحیەکە شتم کڕیوە نەوەك موسڵمانەکە، چونکە زیاتر باوەڕو متمانەم بە مەسیحیەکە هەبووە" بەڵام فازیل پێی وایە لەقۆناغی شەستەکان تاکو نەوەتەکانی سەدەی رابردوو پەیوەندیەیێکی توندوتۆڵتریان هەبووە، ئەمەشی بۆ رەنگدانەوەی واقیعی سیاسیو بارودۆخی ئێستاو بێ هێزبوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتیەکانو زۆربوونی ژمارەی دانیشتوان گەڕاندەوە.

"ئەمیر عود" خوێندکارێکی مەسیحیە هاوڕێیەتیکردنی موسڵمانی کوردی بە کارێکی تایبەتی زانی لەکەسێکەوە بۆکەسێکی تر، بەڵام لای خۆی هاوڕێیەتیکردنی گەنجە موسڵمانەکانی بەگرنگتر زانیو دەڵێت"ئێمە لەم شارە دەژین هەمیشە وەك یەك خێزان وابووینە لە قوتابخانەش هەروا سەیری یەکترمان کردووە، زۆرجار مامۆستای موسڵمانمان هەبووە زیاتر هاوکاری کردووین لەوەی مەسیحیەکە" ئەمیر عود داوای کردنەوەی قوتابخانەی سریانی کردو ئەمەشی بەمافی سەرەکی خۆیانی زانی، کە تەنیا دوو قوتابخانەی سەرەتایی هەیە کە زمانی سریانی وەك



وانە لێیدەخوێندرێت، ئەو پێی باش بوو ئەگەر بکرێت پەیمانگەییێك یاخود کۆلیژێکی ئەهلی بێتە شارەکەیان لەنموونەی "کۆلیژی ئیشقی هەولێر" کەبەزمانی تورکیە، بۆ ئەوەی ئەوانیش بتوانن گرنگی بەزمانەکانی تری بیانی بدەن.

"کەریم شێخە" مامۆستا لە قوتابخانەی پیشەسازی شەقلاوە، مەسیحیەکانی شەقلاوەی بە هاوبەش دەزانێت لەگەڵ موسڵمانەکانو وتی:"ئێمە لە هەموو شتێك هاوبەشو هاو مافین تەنانەت چەندین گۆڕستانو مەزارگەمان هەیە، لەلای هەردوو لامان پیرۆزنو رێزیان لێدەگرین لەوانە: شێخ وسو رەحمان لای موسڵمانانو رەبەن بویا لای مەسیحیەکان، شێخ سەید، چاکی سەرگردو دەرمانا ئاوەو..تد" پاشان بە هاوخەمی موسڵمانەکانی لەقەڵەمدانو وتی:"ئەوان جگە لەوەی لە هەڵسوکەوتو کولتورو داب‌ونەریت جیاوازیان نیە لەگەڵ ئێمە، لەڕوانگەی پەروەردەشەوە کاریگەرییێکی زۆریان هەبووە کە ژمارەییێکی بەرچاو مامۆستایان هەیە لەسنوری پەروەردەی شەقلاوەو خزمەتدەکەن" هەروەها "مامۆستا کەریم" ئاماژەی بەوەدا کە لەسەردەمانی شۆڕشو شاخدا برا مەسیحیەکان شان بەشانی برا موسڵمانە کوردەکان چەکی کوردایەتیان کردۆتە شانو چەند شەهیدێکیان هەیە.


"سەیران رەشید" کچێکی موسڵمانەو بوونی مەسیحیەکانی بەپێویست دانا لەشەقلاوە، تەنانەت لەبواری پێشکەوتنو گۆڕانی کۆمەڵایەتی، ئەو پێی وایە بوونی مەسیحەکان توانیویەتی کچە موسڵمانەکان لە قاڵبە کلاسیکیەکە دەربێنێت، بە تایبەتی لەڕووی جلو بەرگو چوونە دەرەوەی ژنانو کارکردن، کۆمەڵێك تێڕوانینی تر، هەروەها ژمارەیەك گەنجی موسڵمان کە لەیەکێك لەدوکانەکانی مەی فرۆشە مەسیحیەکان دەهاتنەدەرێ وتیان:"لەهەموو شەقلاوە تەنیا مەسیحیەکان ئارەق دروست دەکەنو دەیفرۆشن، ئەگەر ئەوان نەبوونایە ئێمە پەکمان دەکەوت" گەنجێکی باریکەی موو زەردە بە پێکەنینەوە وتی: "ئەوان دروستی دەکەن ئێمەش دەیخۆینەوە"

هەر لەو شوێنەی گەنجەکان لێی هاتنەدەر سەرم پێداگرت، کەخاوەنەکەی ناوی(ع.ك) وتی:"دروستکردنی مەی هەرلە کۆنەوە، پیشەی باوكو باپیرانمان بووە، وەستای دەست رەنگینمان هەیە"سەبارەت بەکڕیارەکانی زۆربەی ئەو کەسانەی دێنە لایان گەنجە موسڵمانەکانن بە رێژەیەکی زیاتر لەڕۆژانی هەینیو وتی: " جگە لەوەی بە قاپ لێمان دەکڕن هی وا هەیە بەسێت خواردنەوەمان لێدەکڕێت..!!"دەربارەی دروستکردنی کێشە لەلایەن ئەو کەسانەی مەی دەکڕنو دواتر بە سەرخۆشی کێشەو گرفتیان بۆ دەنێنەوە وتی: "زۆرجاری وا هەبووە لەئاستی مەسئولیەت دابووە، دوای ئەوەی تێر مەی نۆش کردووە دواتر دەمانچەی لێ راکێشاوینو کێشەی بۆ دروستکردوین" هەروەها داواکاربوو لەحکومەت کە ئەو باجەی لەسەریانەی هەڵبگرێت، چونکە رێژەیەکی زۆرە لەچاو داهاتەکەیان.

"دڵشێر جەمال عەولا" خاوەنی چێشتخانەی کوردستان لەشەقلاوە ئەو پێی وایە موسڵمانو مەسیحی تەنیا لەڕووی ئاینیەوە یەك نین، ئەگەرنا لەبوارەکانی تردا هیچ جیاوازیەك لەنێوان جێ بەجێکەرانی دوو ئاینەکەدا نابینێت، بەلای دڵشێر جێگای پرسیارە هەتا ئێستا ژنو ژنخوازی لەنێوان ئەو دوو ئاینەدا نەبووەو بەپێویستی دەزانێت ئەم تێکەڵاویە هەبێتو وتی:"من برادەرم هەبووە حەزی لە کچە مەسیحیەیەك کردووە تەنیا لەبەرئەوەی

ئێمە لە هەموو شتێك هاوبەشو هاومافین تەنانەت چەندین گۆڕستانو مەزارگەمان هەیە لەلای هەردوو لامان پیرۆزنو رێزیان لێدەگرین





قەشەی کلێسەی مەریەمی عەزرا

موسڵمان بووە نەیانداوەتێو بەپێچەوانەشەوە روویداوە ".

"مەلا شەکیب ئیبراهیم" وتارخوێنو پێش نوێژی مزگەوتی سبخەتوڵڵای حەیدەری لەشەقڵاوە، بۆ پەیوەندی نێوان ئیسلامو مەسیحی لە شارۆچکەکەیاندا سەرنجەکانی خۆی خستەڕوو و پێی وایە کێشەیەك نابینێت لە نێوان هەردوو ئاینەکەدا چ وەك ئاینو یاخود پەیڕەوەکەرانی هەردوو ئاینەکە بە مێژوو ئەوەیان سەلماندووە، بەردەوام لەهەر شوێنێکدا یەکتریان قبوڵ کردووەو وتی:"خودا پێمان دەفەرموێت گفتوگۆ لەگەڵ ئەو کەسانە بکەن کە لەدەوری ئاینی ئێوەن، واتە ئاینی ئیسلام ئاینی ئاشتیو ئاینی مەسیحیش ئاینی لێتێگەیشتنەو دەتوانین لەگەڵ یەکتردا بژین" مەلاشەکیب موسڵمانان ئاگادار دەکاتەوە کە دەکرێ خواردن لەماڵی مەسیحییێك بخۆییتو سەردانیان بکەیت، سەبارەت بەژنو ژنخوازی بە کارێکی ئاسایی زانیو کەوا ئاینی ئیسلام رێگرنیە لەوەی کچێکی مەسیحی بێنیت، کە هەردوولا لەسەر ئاینی خۆیان بن، چونکە خاوەنی کتێبی ئاسمانین، بەلاّم نابێت کچیان پێبدرێت، دواجار مەلاشەکیب بۆ بەستنی گفتوگۆی ئیسلام_مەسیحی، کە ئێستا شەپۆلێکی جیهانیە مەلا شەکیب داواکاربوو،"کە لە کوردستانیش ئەم جۆرە گفتوگۆیە ئەنجامبدرێن"

"قەشە زیا" قەشەی کلێسەی مەریەمی عەزرا لە شەقڵاوە، مێژووی هاتنی ئاینی مەسیحیی بۆ شەقڵاوە بۆ سەدەی یەکەم و دووەمی زاینی گەڕاندەوەو ئاماژەی بەبوونی کلێسایەك کرد کە لەگردی زەیتون بووە پێش١٧٥٠ ساڵ بەر لە ئێستا، پاشان مەزاری "رەبەن بوویا" کە لەسەدەی سێیەمی زاینی ژیاوە بۆ پەیڕەوکردنی ئاینی مەسیحیی، مەزهەبی کریستیانەکانی شەقڵاوە کاسۆلیکینو بەلاّم لایەنی نەتەوەیی بە گرنگ نازانێتو هیچ جیاوازیەکی نەتەوەیی نابینێت، پاشان بۆ پیشەو کاری مەسیحیەکان وتی:"مەسیحیەکانی کۆن کاری جوڵاییان دەکردو زیاتر پشتیان بە کارە ماسولکەییەکان دەبەست"دەربارەی کۆچکردنی مەسیحیەکان وتی:"هەرگیز لەمێژووی شەقڵاوەدا کۆچکردنی بەکۆمەڵی مەسیحیەکان لەژێر هەرناوێکدابێت رووینەداوە." دەربارەی پەیوەندی نێوانیان لەگەڵ موسڵمانەکان، بە پەیوەندییێکی زۆرباشی لەقەڵەمداو وتی:"هەرکێشەیەك هەبووبێتو یاخود لەڕابردوودا روویداوە بێگومان دەستێکی دوژمنانی لە دواوە بووە ئەگەرنا پەیوەندی ئێمەو موسڵمانەکان پەیوەندییێکی مێژووییەو خۆمان جیا ناکەینەوە" بۆ بواری ژنو ژنخوازی مام قەشە ئەو لایەنەی بە گرنگ نەزانیو پێی وابوو کە هەر کۆمەڵگایەك، نەتەوە، ئاینو مەزهەبێك تایبەتمەندی خۆی هەیەو دەیوت:"زۆرجار لە بنەماڵەیەك بۆ بنەماڵەیەکی تر ژن بەیەکتر نادەن، بۆیە تەنیا ئەوەی کۆماندەکاتەوە پەیوەندیەکی مرۆڤایەتیە"جگە لەوەی "قەشە زیا" ئاماژەی بە بوونی خولێکی تایبەتی کرد لە کلێسەکەیان بۆ ئەو گەنجانەی پێش پڕۆسەی هاوسەرگیری پێکبێنن، ئەویش بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری خێزانیو هۆشیاری هاوسەرگیری، هەروەها دەربارەی جیابوونەوەی ژنوپیاو لەئاینی مەسیحیدا ئەو وتی:" شتێکمان نیە بەناوی تەلاّق، بەلاّم هەرکاتێ ژنو پیاو یەکێکیان توشی خیانەتی خێزانی هات، ئەو کاتە پرۆسەکە هەڵدەوەشێتەوەو هیچ کامێکیان بۆیان نیە جارێکی تر پرۆسەی هاوسەرگیری پێکبهێننەوە" ئەمەش ماوەی ساڵانێکە لەکلێسەدا سەپاندوویانە، بۆ راپەراندنی کاروباری مەسیحیەکان لای حکومەت قەشە زیا وتی:"هیچ گلەییەکمان نیە تەنیا ئەو جیاوازیەی نێوان شەقڵاوەو عەنکاوە نەبێت کە زۆر بە زەقی دەبیندرێت، چونکە عەنکاوە لە ناوەندی پارێزگاوە نزیکەو ئەهمیەتی زیاترە".